# ڕاپەڕین، گەندەڵی، ڕاپەڕینێکی تر

حەسەن جودی
hesen_cudi@yahoo.com

لەم ڕۆژانەدا گەلەکەمان لەباشوور بەتایبەتی و سەرتاپای کوردستان و هەندەران بەگشتی بەجۆش و خرۆشێکی کەمتر لەجاران و بەحەسرەت و داخێکی زیاتر لەجاران یادی ڕاپەڕینی جەماوەری 1991 دەکاتەوە، چونکە ڕۆژبەرۆژ گەلەکەمان بەئاقارێکی جودا لەو ئاقارەی کەوا ڕاپەڕینی لەپێناو ئەنجامدرا ئاراستەگیر دەکرێت.

بەر لەهەموو شتێك، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی 1991 لەمیانەی یەکانگیربوونی فاکتەرە ناوخۆییەکان لەگەڵ فاکتەرە دەرەکییەکاندا، بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر جەماوەری هەژارو ڕەنجدەرو نیشتمانپەروەرو ستەمدیدەی باشوور بەوپەڕی گیانی قارەمانێتیو جەربەزەییەوە لەهەمبەر دیکتاتۆرترین و هۆڤانەترین ڕژێمی جیهان ڕاپەڕیو لەماوەی نزیکەی "25" ڕۆژدا ــ کۆمۆنەی پاریس ئاسا ـ زۆربەی جوگرافیای باشووریان ڕزگار کردو تەخت و تاراجی ڕژێمیان لەباشوور رووخاند. بەڵام زۆری نەبرد، بەهۆی نەبوونی ڕێبەرو سەرکردایەتییەکی بەرخودانڤان و حەکیمەوە، کەباوەڕی بەئیرادەو هێزی لەبن نەهاتووی گەل هەبێت، بەشێوازێکی دیکەی ڕاپەڕینخوازی کۆڕەوێکی چەند ملیۆنی سەرسوڕهێنەرو تراژیدیایانەی ئەنجامدا. لەپێناو شاردنەوەی شکستە بێ وێنەکەی سەرکردایەتی ئەوکاتەی "بەرەی کوردستانی" ئەڵقەیەکی دیکەی دانوستاندن و مفاوەزاتیان لەگەڵ ڕژێم دەستپێکرد. ئەمە لەکاتێکدا بوو کەهێشتا بەملیۆنان کەس لەنێو تراژیدیای کۆڕەودا پەنگیان پێهەڵچنرابوو، هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەبڕیارێك ناوچەی پارێزراوی خەتی "36" بەسەرەوەی ڕاگەیاندبوو. واتا ئیدی هەم گەلەکەمان ڕاپەڕیبوو و ئامادەنەبوو جارێکی دیکە لەژێر ستەمی بەعسی یان ستەمی هەر دەسەڵاتێکی دیکەی دەسپۆت و زۆرداردا بژی، لەهەمانکاتدا کێشەی گەلەکەشمان ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتبوو. لەئاکامدا وەکو هەرجار مفاوەزاتەکە بەبنبەستی گەیشت و هیچی لێوەبەرهەم نەهات. ئیدی نە ڕژێم دەیتوانی جارێکی دیکە ئەو گەلە ڕاپەڕیوە بخاتە ژێررکێفی خۆیەوەو نە گەلەکەشمان دەیتوانی جارێکی دیکە دەسەڵاتی ڕژێم بەسەرخۆیدا پەسەند بکاتەوە. دواجار ڕژێم ئیدارەی خۆی لەباشوور پاشەکشە پێکرد، بەڵام گەلیش مەزنترین و هێژاترین بڕیارو پەیامی خۆی بەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و ڕژێم و هەموو دونیا ڕاگەیاندو لەژێر دروشمی "سەری بەرز بۆ مووچە شۆڕناکەین"دا پێداگیری و شێلگیری خۆی بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و خۆبەڕێوەبردن خستەڕوو. بەڵام سەرکردایەتی ئەوکاتەی بەرەی کوردستانی و دەسەڵاتی ئێستای باشوور هەموو ئەو قارەمانێتی و قوربانیدان و پێداگیری و مەیلە ئازادیخوازانەکەیان بەدزێوترین شێوە قۆستەوەو بەسوود وەرگرتن لەو هەلومەرجەی لەجیهان و ناوچەکە لەئارادا بوو بێ گوێدانە داخوازی و ئیرادەی ڕای خەڵك هەرچی دەستکەوت و سامان و داهات هەبوو تەخشان و پەخشانیان کردو بەپاوانخوازی و گلدانەوە لەبری پرۆسەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خاپوورکراو و دامەزراندنی سیستەمێکی ئیداری نەتەوەیی و دیموکراتییانە، پرۆسەی تاڵانکاری و دزی و دابڕدابڕیان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە پەرەپێدا.

زۆری نەبرد ئەو پەرلەمان و حکومەتەی کەخەڵك بەجۆش و مۆراڵێکی بێهاوتاوە پشتیوانی لێکرد پارچە پارچەیان کردو ئاتاریان لەسەر پاتاری نەهێشت و باشووریان کردە بەرەیەکی سەرتاپایی شەڕی براکوژی و کوردکوژی و...هتد و بەدەیان هەزار لەخەڵکانی هەژار و ستەمدیدەیان لەهەر چوار پارچە کردە سووتەمەنی ئەو شەڕە بێواتا و بێهودەیەی بەساڵان درێژەی کێشا. لەهەمانکاتیشدا ئەم شەڕە بووە سەرچاوەی خۆدەوڵەمەندکردنێکی بێسنوور بۆ سەرانی حزبە شەڕکەرو شەڕخوازەکان.

ئیدی گەندەڵی پەرەیسەندو تاوردترین جومگەو خانەی دەسەڵات چوو و سەرتاپای کۆمەڵگای تەنییەوەو ئێستا بوارێك نەماوە گەندەڵی تادوارادەی تێدا قووڵ نەبووبێتەوە. لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، ئەو گەندەڵییە زیاترو زیاتربوو و ئەمجارە جوگرافیای دیکەی دەستلێنەدراویان ـ وەك کەرکوك، خانەقین، موسڵ و شەنگاڵ... هتد ــ بۆکرایەوەو دەرفەتی پاوانخوازی و دەسەڵاتی تاکڕەوێتی فراوانتر بوو. خۆ ئەگەر هاوپەیمانان ڕژێمیان نەڕووخاندایە، ئەوا دەسەڵاتدارێتی کورد هەر لەبیری چووبووەوە کەرژێمێك بەتەنیشتییەوە هەیە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو بالیسان و سێوسێنان و چەندین کۆمەڵکوژی دیکەو سیاسەتی تەعریب و تەرحیلی ئەنجامداوەو پەیڕەوکردووە.

دوائاکام؛ ئەمڕۆ وەك نوێنەری کورد لەدەسەڵاتی ناوەندی بەغداش ئامادەن و دەبینێرن. خەڵکی کوردستانیش لەوماوەیەدا بەسەبرو تەحەمولێکی زۆر لەرادەبەدەر دانی بەخۆداگرت و هەرچۆنێك بوو ئارامی گرت و بەڕووی ئەو هەموو زوڵم و ناهەقییەی دەسەڵاتی کوردی لەبەرامبەری دەیکات

هەڵناشاخا، نەبادا دوژمنان بەگشتی و رژێمی بەعس بەتایبەت بیقۆزنەوەو " ئەزموونە ساوایە نیوەچڵە"ەکەمان لەبارببەن، بەو هیوایەی هەردوو زلحزبە دەسەڵاتدارەکە بەخۆداچوونەوەو خۆ رەخنەکردنێك ئەنجامبدەن و دەستبەرداری ئەو گەندەڵی و پاشاگەردانی پاوانخوازییە ببن و سیستەمێکی بەناوەڕۆك نەتەوەیی و دیموکراتی بێننەکایەوە.

بێگومان کەم نین ئەو دەستکەوتانەی کەوا لەمیانەی راپەڕینی جەماوەری گەلەکەمان لە 1991 و ئەو قوربانی و فیداکارییە بێ وێنەیەی لەدوای راپەڕینەوە تارۆژگاری ئەمڕۆ نواندوویەتی، بەدەستهاتوون: نەمانی رژێمی بەعس لەباشوورو پاشان لەتەواوی ئێراق، رەخسانی زەمینەیەك و کەشێکی تاڕادەیەك لەئازادی و دیموکراسی، ئافراندنی دەرفەتێك بۆ بووژانەوەی گشتگیرانەی نەتەوەیی لەئاستی تاك و کۆمەڵگا و کرانەوە بەڕووی جیهاندا، دەستپێڕاگەیشتن بەو دەستکەوتانەی کەشۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا بەدەستیهێناوە لەمەزنترین دەستکەوتەکانی راپەڕین و سەرجەم قوربانییەکانی گەلەکەمانن.

بەڵام ئەو نموونە دەسەڵاتگەرییەی هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی باشوور لەماوەی "15" ساڵ پەیڕەویانکرد سەقەتترین و گەندەڵترین نموونەی دەسەڵاتگەرییە، ئەو هەست و رۆحە نەتەوەیی و دیموکراتیخوازییەی راپەڕینی لێوەبەرهەمهات و پاشان لەئاستێکی بەرزتردا ئافراندنی، لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە لاوازو بێ واتاکراو لەگەوهەرو کرۆکی راستەقینەی خۆی بەتاڵکرایەوە. لەبری فراوانترکردنی پانتایی ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵگا تا لەتوانایاندابووە بەرتەسکیان کردووەتەوە. وەکو باسمانکرد؛ گەندەڵی سەرجەم کایەکانی دەسەڵات و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای گرتەوە. لەڕووی خۆشگوزەرانییەوە هێشتا جەماوەر بەحەسرەتەوە چاوەڕێی سادەترین کاری خزمەتگوزارییە: نەئاوی پاك، نەسووتەمەنی، نەشەقام و پارك و پێداویستی تەندروستی گشتی و نەهۆیەکانی گەیاندن و پەیوەندی، نەسیستەمێکی پێشکەوتوو و مۆدێرنی پەروەردەو نە..... و نە...... هتد بۆ خەڵك دابین نەکراون.

لەهەمووی گرنگتر و چارەنووسسازتر ئەوەیە؛ کەهێشتا کێشەی گەلەکەمان بەگشتی و ناوچە دابڕاوەکانی باشوور ـ وەك کەرکوك و خانەقین و.... هتد، نەگەیەنراوە بەکەناری چارەسەری، چارەسەرییەکەی نەك بەئیرادەی خەڵکی کوردستان بەڵکو بەئیرادەی دەسەڵاتی ناوەندو هێزە دەرەکییەکانەوە پەیوەستکراوە. ئەگەر خۆ نەخەڵەتێنن هێشتا ئەو شێوە سیاسەتکردن و هەڵوێستانەی سەرانی سیاسی کورد ئاییندەیەکی گەشبینانە و ئاسۆیەکی روونمان نیشان نادەن و ئەگەری ئەوەی لەهەر ئاستێکدا کارەسات و شکستی مەزنتر لەرابردوو بێتەکایەوە لەئارادا ماوەتەوەو، ترس و دڵەڕاوکێی کوردان نەڕەویوەتەوە. ئەو گێژاوو قەیران و فەوزایەی تاك و کۆمەڵگای کوردەواری لەبوارە ژیاری و کولتووری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا تێیدا دەژین دەرەنجامێکی ئەو نموونەیەی دەسەڵاتگەری دەسەڵاتداریێتی "15"ساڵی خودی سەرانی کوردە، بەواتایەك لەواتاکان لەگەڵێك رووەوە درێژەپێدەری هەمان ئەو دۆخەیە کە بەر لەراپەڕین بەسەر کورددا سەپێنرابوو.

ئەمڕۆ مشەخۆرو پیاوکوژو کۆنەجاش و بەکرێگیراوەکانی سەردەمی رژێم و فایلچییەکان لەگۆڕەپانەکەدا لەئاستی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و تەنانەت کولتووری و رۆشنبیریشەوە بەقەد گەردێك مسیۆن و شوێنگەی خۆیان لەدەستنەداوە، بەڵکو لەجاران زیاتر ملهوڕانەو بێ ویژدانانە جلەوی مەسەلەکانیان لەدەستەو باکیان لەکەس و لەهیچیش نییە. ژنان لەئاستێکی زۆر مەترسیدارو تراژیدیادا رۆژانەو بەشێوەیەکی بەردەوام رووبەڕووی توندوتیژی و دەستدرێژی دەبنەوەو ناچاری خۆکوشتن یان کوێلەکردن دەکرێن. لاوان وەك ناکامترین و بێنازترین توێژ پەراوێزخراون و گوێ بەداخوازی و هیوا و پێداویستییەکانیان نادرێت، سیستەمی پەروەردە بۆتە سیستەمی شێواندن و پووچکردنی کەسێتی مرۆڤ. ژینگەی کوردستانیشیان رووبەڕووی دزێوترین و ناڕەواترین پرۆسەی تێکدان و شێواندن کردۆتەوە.

لەهەمووی خەتەرناکتر؛ مرۆڤ لەئاستێکی زۆر دژواردا لەبەها مۆراڵی و ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی داماڵراوەو لێی نامۆ کراوە. لەبەرامبەر ئەوەدا رادەی خۆکوشتن، کوشتن، تیرۆر، دزی، درۆ، ساختەکاری، بێویژدانی، بەرتیلخۆری و لێکترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر پەرەیسەندووە. هەر شانبەشانی ئەمە بەسوودوەرگرتن لەو دۆخە نالەبارو پڕ لەگێژاوەدا؛ رەوتێکی بنەماخوازی ئیسلامی "فێندەمێنتالی ئیسلامی" بەشێوەیەکی زۆر خەتەرناك لەبرەو و گەشەسەندندایە و بەگوێرەی هەموو ئەگەرەکان لەحاڵەتی زیاتر پەرەسەندنی ئەو رەوتە توندوتیژخوازە داهاتوویەکی تراژیدیائامێزمان نیشان دەدەن.

لەهەمبەر ئەو دۆخەی کەوا هەوڵمدا کەمێك وێنای بکەم، هێشتا دەسەڵاتی کوردی گومانی هەیە لەبوونی راستەقینەی ئەو دۆخە گەندەڵبووە. ئەگەر دەسەڵاتداران لەسایەی ئەو دۆخە زێڕینەی راپەڕینی جەماوەری 1991 و قوربانیدانەکانی پێش راپەڕین و دوای راپەڕین خولقاندی، بوون بەملیۆنێرو ملیاردێرو تەنانەت کێبرکێ و مونافەسەی گەورە سەرمایەدارانی جیهان و ناوچەکە دەکەن و لەوپەڕی ئاسوودەییدا دەژین و شاهانە

هەڵسوكەوت دەكەن و، نابینین كەهێشتا لە"75٪"ی خەڵك لەنزمترین ئاستی بژێوی و گوزەراندان و كەمترین رادەی خزمەتگوزارییان پێدەگات و لەقووڵترین دۆخی ترس و دڵەڕاوكێ و بێهودەیی و رەشبینیدا دەژین و تووشی كەشێكی مەترسیداری نامۆبوون " اغتراب"ی هزری و كولتووری و كۆمەڵایەتی هاتوون. ئەگەر هەموو ئەو ناكۆكییە دژوارانە لەهەناوی كۆمەڵگایەكدا بژین و لەهەمانكاتدا توانستی تێپەڕاندن و دەربازكردنی ئەم رەوشە بەشێوەیەكی سرووشتی و بەرنامەڕێژی نەبێت. دەبێت چ ئەگەرێكی دیكە و بژارێكی دیكە لەبەردەم جەماوەرو خەڵكی ستەملێكراو و پەراوێزخراو هەبێت تا بیگرێتەبەر؟!..

ئەم پرسیارە لەساتەكانی تێپەڕكردنی یادی پازدەساڵەی راپەڕینی شكۆداری جەماوەر گرنگترین پرسیارە كە لەسیماو هەڵسوكەوتی خەڵكیدا بەدیدەكرێت. سەرجەم ئەو رێپێوان و چالاكییانەی ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر گەندەڵی و پەراوێزخستنی جەماوەرو زۆربەی چین و توێژە هەژار و بەشخوراوەكان كە لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا لەشارەكانی كەركوك، سلێمانی، رانیە، كەلار، هەولێرو ئاكرێ ئەنجامدراون كۆمەڵێك نیشانەو ئاماژەی ئیجابی گرنگن، كەئیدی وادیارە جەماوەر لەهەمبەر ئەو دۆخ و رەوشە نالەبارە بێدەنگ نامێنێ و چیدی خۆی بێچارە ناكات و چاوەڕێی بەزەیی و مەكرەمەكانی دەسەڵاتی كوردی ناكات. هەروەها لەمەش گرنگتر؛ گەندەڵی و ئەو دۆخە نالەبارەی لەئارادایە گەیشتۆتە ئاستێك كەئیدی دەرفەت و ئەگەری ئەوەی نەهێشتۆتەوە بەبانگەشەكانی "چاكسازی و پاكسازی و هەڵمەتی نەهێشتنی گەندەڵی" لەلایەن خودی دەسەڵات خۆیەوە ئەو بارودۆخە تێبپەڕێنێ و بەخۆیدا بچێتەوەو سەرلەنوێ ئاراستەیەكی نەتەوەیی ـ دیموكراتی و خزمەتگوزارییانە وەربگرێت. بەلایەنی كەم ئەو هیواو ئومێدە لەلایەن زۆربەی خەڵك زۆر لاوازبووە یان هەرنەماوە.

بۆیە، ئەگەر شیمانەو ئەگەری راپەڕینێكی دیكەی جەماوەری بەشێوازی دیموكراتیانەو مەدەنیانە لەئارادایەو بەڕێوەیە، ئەوا مسۆگەر دەبێتە تەواوكاری گەوهەری ئەو راپەڕینەی پازدە ساڵ بەر لەئێستا كە لەهەمبەر ستەم و زۆرداری بەعس ئەنجامیدا. ئەگەر راپەڕینی 1991 جوگرافیای باشووری رزگاركرد، ئەوا مسۆگەر راپەڕینی شیمانەبۆكراوی ئەمجارە كۆمەڵگای باشوور لەدەسەڵاتێكی گەندەڵ و گەندەڵییەكی گشتگیر رزگاردەكات. بەڵام ئەگەر ئەو هەڵوێست وەرگرتنەی جەماوەری گەلەكەمان وەك هەڵوێستی خەڵكی فەلەستین بێت كەدەسەڵاتی گەندەڵی رێكخراوی "فەتح"ی بەلاوەنا و "حەماس"ی توندڕەوی فێندەمێنتالی هێنایە سەر دەسەڵات، كەدواجار حەماسیش چ بەسەر گەلی فەلەستین دێنێت دیارنییە، ئەوا مسۆگەر هەڵەیەكی كوشندە دەرهەق بەخۆی دەكات.

بۆیە بۆئەوەی راپەڕین و رێپێوان و چالاكییە دیموكراتییەكانی جەماوەر تەنیا بكەوێتە خزمەتی خودی جەماوەرو لەدەسەڵاتێكی گەندەڵ رزگاری ببێت و خاوەن لەگەوهەرو ئامانجە رەسەنەكانی راپەڕینی 1991 دەربكەوێت، بەر لەهەمموو شتێك پێویستە بەهۆشیاری و ئیرادە و باوەڕ و هیوایەكی مەزنەوە بكەوێتە چالاكی نواندنی مەدەنیانەو خۆی لەهەرجۆر و شێوازێكی توندوتیژی و ئەنارشیستی بپارێزێت و تەنیا پەیوەست بێت بەئامانج و داخوازییە رەواكانی خۆیەوە، ئەوكاتە راپەڕینی دوێنێ و راپەڕینی چاوەڕوانكراوی ئەمڕۆی جەماوەر یەكدی تەواودەكەن و گەلەكەمان بەئیرادەی خۆی و بەپشتبەستن بەهێزو وزەو توانستی خۆیەوە هەنگاو بەرەو تاكێكی ئازادو كۆمەڵگایەكی مەدەنی و دەسەڵاتێكی دیموكراتییانەی مافپەروەر دەنێت و كۆتایی بەرۆژگارە شووم و تراژیدییاكان و بێ بەهاكردنی مرۆڤ دێت. ئیدی هەر شەكاوە بێت هەمموو راپەڕینێكی دیموكراتخواز و مەدەنییانەی جەماوەر و گەل.